# ڕێگەی ئاشتی بە دیموکراسیدا تێپەڕێت

**ئا: ڕەفعەت مورادی**

((لـەمیانـەی گوتـارەکـەی ئـەکبـەری گـەنجی لـەبـەردەم هونەرمەندانی پێشڕەوی هالیوود دا)).

پیموایـە ڕێگـەی ئاشـتی لـە دیموکراسیەوە تێدەپەڕێت، بەڵام بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراسی ناکرێ پشت بەهێزی سەربازی ببەستریت، دیموکراسـی کـاڵای هەناردە کردن نییە، واتاکانی لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە بەسەریدا بسەپێت، هەڵبەتە داکۆکیکردنی ڕۆحـی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا لـە بزووتنـەوەی دیموکراسیخوازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەبێ شک هەنگاوێکی لە جێ و کاریگەرە، ئیمە پێویستمان بە پشتگیری لایەنگری ئازادی و دیموکراسی لـەسـەرتاسـەری جیهاندایـەو دەسـتی یارمـەتـی ئـەوان دەگوشین، بەڵام هێنانە ئارای دیموکراسی ئەرکی ئێمەیە نە خەڵکانی تر بە پاڵپشتی هێزی سـەربازی دەکـرێ بـوار بـۆ هەڵبژاردنێکی ئازادو دادوەرانە فەراهەم بکەین، بەڵام ئەگەر پێش مەرجەکانی دیموکراسی لە وڵاتێکدا لـە ئـارادا نـەبـن، هەڵبژاردنی ئازاد بەسەرکەوتنی نـەیارانی ئەو پرۆژەیە کۆتایی پیدێت بۆ نموونە هەروەک پێشتر ئاماژەم پیدا هەنووکە لە زۆربەی وڵاتـانی ئیسلامدا هـەڵبژاردنی ئازادو دادوەرانە سـەرکەوتنی منێدە میتالیزمەکانی بە دواوەیە کە لەبنەڕەتدا لەگەڵ دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ ناتەبان، دیموکراسی هەندێ پێش مەرجی هەیە کە بەبێ ئەو پێش مەرجانە بەدی نایەت لەوانە:

١- مـەدەنیـەت: چین و توێژی نێـونجی شـار، گرنگتـرین و بـەرچـاوترین پاڵپشـت و داکۆکیکـەر پرۆسـەی دیموکراسیەتن، لە وڵاتێکدا کە پێکهاتـەی سـەرەتـایی و عـەشیرەتی لـەخۆ گرتبێت، ئومێدێک نییە بۆ هاتنەئارای دیموکراسی، هەر بۆیە لە ڕێگەی زەبرو زەنگەوە مەدەنیەت بەرپا ناکرێت.

٢- ئابووری بازاڕ یان بازاڕی ئازاد: هەرچەندە کە بازاڕی ئازاد خـۆی لـە خۆیدا دیموکراسـی دەستەبەر ناکات، بەڵام لەهەر شوێنێکدا کە دیموکراسی هەبێت، پێشتر بازاڕی ئازاد بوونی هەبووە.

٣- بـوونی جیـاوازی و فرەدەنگی بەشێوەیەکی فەرمی: فرە دەنگی و ڕای جیاواز واتە لێبووردەیی لە بەرانبەر ئەو کەس و لایەنانە کە لەگەڵ مندا بیروڕای جیاوازیان هەیەو ئەم کەش و هەوا لە ڕێگەی توندو تیژیەوە نایەتە ئاراوە، بەڵکو توندوتیژی، تاکەکان سەرەڕۆو بێ تاقەت پەروەردە دەکات و بوار بۆ دوو بەرەکی و ناکۆکی فەراهەم دەکات.

٤- ڕەچاوکردنی داهاتی سەرانە لە ئاستێکی پێویستدا: لە وڵاتی دیموکراتیدا، داهاتی سەرانە واتە (داهاتی هەرکەسێک لە ڕۆژێکدا) نابێ لە ئاستی پێویست کەمتر بێت، ئێستاکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داهاتی سەرانە کەمتر لە پێویستەو هەربۆیە دیموکراسی لەو وڵاتانەدا بە دەگمەن بەدی دەکرێت.

٥- لێک جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی:

٦_ جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتی دەوڵـەت لـەدام و دەزگـا مـەدەنیـەکانی نێو کۆمەڵگە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم دیاردەیە بەکەمی دەبینرێت و تـەنانـەت دەکرێ بڵێی بوونی نییـە دەوڵـەتـانی ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست لـەسـەر بنەمای ئابووری پشت بەستوو بە نەتەوە دامەزراون و لەبەردەم خەڵکدا خۆیان بە بەرپرسیار نازانن.

٧_ جیاکردنـەوەی دیـن لـە دەوڵـەت: مـەرجی گرنگ بـۆ هێنانـەدی دیموکراسـی جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت، دیاردەیەک کە لەڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـتدا نامۆیـەو بـە پێچەوانەوە ئایین لەو وڵاتانەدا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لە هـەمـوو بـوارەکـانی ژیانـدا، بیرمەندانی سکۆلار لەوانە: پیتەر بیرگێر پێیان وابوو کە تەمەنی ئایین کۆتایی پێهاتووەو جیهان بە تـەواوەتی لـەژێر ڕکێفی تێڕوانینی سکۆلاریزمە. کەچی هێدی هێدی ئاشکرابوو کە ئەم لێکدانەوە بە هەڵە چووەو ئێستاکە ئایین بە شێوازێکی توندووتیژی گەشەی سەندووە، لـە پارلـەمـانی ئیسـرائیل فـەنـدەمیتالیزمـەنی یـەهـوود دەسـەڵاتێکی بەهێزو چالاکیان هەیە، دەوڵەتی سەرۆک بووش بەشێوەیەکی بەربڵاو لە هەستی ئایینی خەڵک بۆ جێبەجێکردنی سیاسـەتـەکانی خـۆی سـوود وەردەگرێت. فەندەمیتالیزمەکانی ئیسلامیخواز لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکەوتن بەدەست دێنن، هەر بۆیە پێویستە چەمکی ئایین و سیاسەت پتر گرنگی پێبدرێت و لـەیـەکتـر جیـا بکرێنەوە.

٨- گـەشـەدان بـە کـەلتووری دیموکراتیک: بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراسـی پێویسـتـە دیموکراتخـوازەکـان خـاوەن کـەلتوورێکی دیموکرات بن و واتە لە تێۆرو پراکتیکدا پابەندبن بە بنەماکانی دیموکراسی، من پێموایە کە ئەمریکا دەتوانێ لە دوو ڕێگـەوە یارمـەتیـدەری پرۆسـەی بەدیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت.

یەکـەمیان: چارەسـەرکردنی کێشـەی نێـوان ئیسـرائیل و فـەڵـەستین بـە شـێوەیـەکی دادوەرانەو بێ لایەنانە، لەوانە داکۆکی کردن لە دامـەزراندنی حکومـەتێکی سـەربـەخـۆی فەڵەستین و ڕێگە هەموارکردن بـۆ گـەڕانـەوەی ئـاوارە فـەڵـەستینیەکان بـۆ وڵاتی سەربەخۆی خۆیان.

دووەم: ئـەمریکا لـە باتی کـردەوە سـەربازیـەکـانی لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کاربکات بـۆ ناوچـەکـە. هـەروەهـا سـڕینەوەی هـەژاری و نـەخوێندەواری و دابینکردنی بژێوی بۆ وڵاتە هەژارەکان کە کـەرەسـتەیـەکی پێویسـتە بۆ وەدیهێنـانی دیموکراسی لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەرچاوە: gooya news

# بەرەی گۆڕان چەکەرەی نەمامی دیموکراسیە

**ئەمیری حاجی موحەممەد**



بەرەی گۆڕان لە ڕۆژی ١٠-١٠-٢٠٠٦ دا ڕاگەیەندرا. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ی جـەمـاوەری گـەڵـی کوردستانەوە تا هەنووکە، ئەمە یەکەمین بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی پۆزەتیڤی کە بە فەرمی ڕادەگەیەندرێ. بەرەی گۆڕان لە هەل و مەرجێکدا ڕاگەیەندرا کە هەست بە بوونی بۆشاییەک لە قـەوارەی سیاسـی هـەرێمـی کوردسـتان بـەدەی دەکـرێ، ئـەوەش ئۆپۆزیسـیۆنێکی ڕاستەقینەی کاراو واقیعە. هەر سیستەمێکی سیاسی خاوەن دەسـەڵاتـی ڕەوا چـەکـی پاریزگـاری کـردن لـەمانـەوەو بـوونی خـۆی و سـەرنجی متمانەی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ تەنیا دیموکراسی بێ غـەش و فرتوفێڵـە. پارلـەمـان ئالیەتێکە بە دەستی هەردوو لاوە هـەم دەسـەڵاتـی ڕەوا هـەم ئۆپۆزیسیۆن، دەتوانین پارلەمان بەشیری دوو دەم بزانین بۆ هەردوولا، بەڵام ئەم دیاردەیە لە پارلەمانی خۆماندا تا ڕادەیەک سیفەتی خۆی لە دەست داوە، گەر هـەشـبێت برانیە، چونکە هـەمـوو حزب و لایـەنـەکانی بـەشدار لە پارلەماندا خاوەن دەسەڵاتەو ڕازیە بەوەی وەری گرتووە یان بەدەستی هێناوە. جا لەبەر ئەمە پارلەمانی کوردستان دیـاردەی ئۆپۆزیسـیۆنی ڕاستەقینەی کارای تێدا نیە، کە چاودێری کارەکانی حکومەت بکات، وەکو ئەوەیە کە حزبی دیموکرات و حزبی جمهوری لە ئەمریکاو کرێکاران و پارێزگاران لە بەریتانیا پێکەوە هاوپەیمان بن و حکومـەت دامـەزرێنن. ئـەم دیاردەیە (نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن) لەهەر پارلەمانێکدا مانای خۆی دەبەخشێ و بەزەرەی گەل و خودی دەسەڵات دەشکێتەوە. یـەکێ لـە بنـەمـا گرنگـەکانی دیموکراسی ئەوەیە کە دەسەڵاتی ڕەوا زۆربـەی هێـزو توانـای لـە بواری بە هێزکردنی هۆشیاری سیاسی جەماوەر بخاتەگەڕ، تا خەڵک بتوانن تەعبیر لە ڕامان و بیروباوەڕیان بکـەن و بـەبێ چلەکانەوە داوای مـافی خۆیان بکـەن. دەسـەڵاتـی ڕەوا بـەوە هەڵدەسەنگێندرێ و دەبێتە جێی متمانەی خـەڵک کـە تـا چـەند خزمەت بەو گەل و نیشتمانەکەی خۆی دەکات، جا ئەم واقیعیەتەی نـەبـوونی ئۆپۆزیسـیۆن لـە پارلـەماندا وای کـردووە خـودی جـەمـاوەرو چـەند حزبێ کـە لەدەرەوەی دەسەڵاتن ئەو ئەرکە بخەنە ئەستۆی خۆیان تا کاتێ قـەوارەی سیاسـی کوردسـتان دەکەوێتە سەر سکەی سروشتی خـۆی و دڵنیـایی بـۆ خـەڵـک دەسـتەبـەر دەکرێـت. بـەرەی گـۆڕان ڕێچکـەشـکێنە بـەرەو شـەقامی دیموکراسی، خـەباتی سیاسی بۆ گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمـەڵایـەتـی و ئـابووری و فەرهەنگیەکانی گەلەکەمان بە پێـی توانـای خـۆی بـە ئـەرکـی سـەرشـانی خـۆی دەزانـێ و چەشنی خەباتی شاخ کە گەلی کـورد بـێ یـارو یـاوەر بـوو، بـەردەوام دەبـێ. نـاوو نـاتۆرەو لـەمپـەرو ئاسـتەنگی کـردنیش شتێکی چاوەڕوانکراوە. هێـزی مەنتق پیرۆزترە لە مەنتقی هێز.

بـەرەی گـۆڕان ئومێـدی ئـەوە دەکات کە ئەم کارە ئەزموونێکی نوێیە بۆ وڵاتـەکـەمان، هێـز لـە جەماوەرو ئەوانەی باوەڕیان بە خـەباتی سیاسـی دیموکراسـی هەیە وەربگرێ و دەسەڵاتیش بە هـەند وەری گـرێ و لـە پێنـاوی دەوڵـەمـەنـد کردنـی ئاسـتی هۆشیاری سیاسی و ئابووری و کۆمـەڵایـەتـی و فـەرهـەنگـی گـەلـەکـەمان بـە سـنگی کـراوەو چـاوی واقـع بینییـەوە لـەم دیاردەیە بڕوانێ.

بەرەی گۆڕان کە لە چەند حزب و کـەسـایەتیـەک پێـک هـاتووە بـاوەڕی تـەواو و بـێ کـەم و کاستی بەوە هەیە کە لە پرسە سـەرەکـی و سـتراتیجییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستاندا کە پەیوەندی بە دەرەوەی گەل و نیشتمانەوە هـەیە پێشمەرگەو هاوڕامـانی دەسـەڵاتـی بـاڵای کوردسـتانە،بـەڵام لـە پرسـە ناوخۆییـەکـانی کوردسـتان تروسکەیەک چاوی نانوقێنێ، ئـەمـەش ڕێ خۆشـکەرە بـۆ یەکپارچەیی گەل و نیشتمان لە لایـەکـەوەو دیمـوکراتیزەکردنـی کۆمەڵگەی مەدەنی و پەرەپێدانی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان لە لایەکیترەوە بەرەی گۆڕان لـەو بـاوەڕەدایـە هـەرچی زووتـرە دەستبەکاربین ئەگەرنا ئەوا لە کـاروان دوا دەکـەوین و لـە هاوکێشـە نێـو دەوڵـەتییـەکانـدا سـەنگایـەتیـەکمان بـۆ دانانێن و هـەرکـە لـە لایـەکـەوە بـە تیکـەی چـەورمـان دەزانـێ و لوشـمان دەدات. خۆسـازدان و پـڕ چـەک کردن بە چەکی دیموکراسی و زانست و مەدەنیەتەوە قەڵغانی تیرو شیری دژمنان و شانازی کردنی دۆستانمانە، با بەس بێت یـەکتـر قبـوڵ نـەکـردن، بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی، چونکە هەموو باش دەزانین کە دوژمنانی گـەلـەکـەمـان هـەم بـەهێـزن و هـەمیش چاوچنۆک، ئێمە بۆ خۆمان بەهێز نەکەین و لەگەڵ یەکتر تەبانەبین.

# ئایدز لەنێوان ڕاستی و ژمارەدا

**وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە : سۆزان شەمسوڵڵا**

تەنیا لەئەفریقا بەهۆی نەخۆشی (کـەمـی دەسـتکـەوتنی بـەرگری _ئایدز) ڕۆژانـە 6000 کـەس دەمرن و ژمارەی قوربانییەکانی لـەسـەروی قوربانیـانی شـەڕ و برسـێتی ولافـاوەکانـەوەیـە. بەرهـەمـەکـەشی زیادبوونی ئەو منداڵانـە دەبێـت، کـە پێیـان دەگوترێـت هـەتیـوی ئایـدز، ئەمەش زەنگی کارەساتێکە .

ئـەم نـەخۆشییە بۆ یـەکـەمجار لـەسـەرتای هـەشتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا دەستنیشـانکرا، بـەڵام لـەوانـەیـە یـەکـەم حاڵـەتی توشبوونی ئەم نەخۆشییە زۆر زووتـر بێـت لـەومێـژووە. باوەڕییەکی بەوشێوەیەش هەیە، کە دەڵێت یەکەم حاڵـەتی ئـەم نـەخۆشـییە دەگـەڕێتـەوە بـۆ پەنجاکان .

بـەکارهێنـانی هـەنـدێک داودەرمان و پێشخستنی ئاستی وشیاری لـەنێوان دانیشـتواندا تارادەیەکی زۆر توانرا پێش لە بڵاوبوونـەوەی ئـەم نـەخۆشـییە لـەهـەنـدێک ناوچـەی جیهانـدا بگیرێت، بـەڵام لـەئـەفریقـادا نەخۆشییەکە خەریکە دەبێتە پەتا و زۆربـەی ئـەو کـەسانەش کـە توشـی هـاتوون، ئاگـاداری نەخۆشییەکەیان نین .

## سەرچاوەی نەخۆشییەکە :

زۆربـەی تـوێژەرە تایبـەتـەکـان لـەو بـاوەڕەدان، کـە مرۆڤ ئـەم نـەخۆشـییەی لـەمـەیمونی "شـەمپـانزی"ەوە بـۆ گواسـتراوەتـەوە. کـە ئـەویش هـەنـدێک جـار ڤایرۆسـێکی هاوشـێوەی ئـەو ڤایرۆسـەی کـە دەبێتە هۆی نەخۆشی لای مرۆڤ پێـوەیـەتـی، نـاوەکـەشـی بەکورتکراوەیی پێی دەگوترێت _HIV(ئـیچ ئـای ڤـی) (ئـەم تـوێژەروانـە دەڵـێن؛ ئـەم نـەخۆشـییە لـەڕێگـەی خـواردنی گۆشـتی مـەیمونـەوە هـاتووە. ژمـارەیـەکـی کـەمـی ئـەم تـوێژەرانـەش وادەبـین کـە ئـەم نـەخۆشـییە لـەڕێگـەی کوتـانی پاراستن لەمەیمونی شەمپانزی ئەم ڤایرۆسەوە بڵاوبووەتەوە .

## پێناسەی ئایدز :

وشـەی ئایـدز کـورتکراوەی دەسـتەواژەی (کـەمـی بـەدەستخسـتنی بـەرگـری پێویسـت)ە بـەئینگلیـزی، بـەڵام کـورتکراوەی دەسـتەواژەکـە بەفـەرەنسـی بریتییـە لـە_سیدا. ڤایرۆسـی ئایـدز دەبێتـە هـۆی ونبوونی هێزی بەرگری کەسی تووش بوو، چونکە دەزگاکانی بەرگری لاواز دەکات یان هەڵیان دەوەشێنێتەوە، ئـەمـەش ڕێگـە لەبەردەم نەخۆشی دیکەی وەکو ئیلتیهابی سینگ و شیرپەنجە و سیل و پەککەوتنی کۆئەندامی هەرس کردن...هتد .

## نیشانەکان :

تاچەند ساڵێک هیچ نیشانەیەکی ئاشـکاری نـەخۆشـییەکـە بەدەرناکەوێت، تـەنیا لـەڕێگـەی تاقیکردنـەوەو لێکۆڵینـەوەیـەکـی تایبـەتـی خۆێنـەوە نـەبێـت، نـەخۆشـییەکـە بـەئاسـانی دەستنیشـان ناکرێت. نیشـانە سـەرەتاییـەکـانی لـەسـەر نەخۆشەکەی سەرتاکێشی کەم دەبێتەوە، قورگی وشک دەبێت، تامـاوەیـەکـی بـەردەوام، هەڵئاوسانی قورگ و سکچوون دیگرێت.

## بڵاوبوونەوە :

ڤایرۆسـی کـەمکردنـەوەی بەرگری مرۆڤ، بەهۆی شلە مەنییەکانی لەشەوە، وەکو خوێن و شـیر...هتـد بـڵاو دەبێتـەوە دەگواستریتەوە .

ئـەم نـەخۆشـییە بـەزۆری لەڕێگەی پەیوەندی جنسییەوە بـڵاو دەبێتـەوە، یـان لـەڕێگـەی دەرزی لێدانەوە کە لەدایکەوە بۆ کۆرپـە، یـان بـۆ منداڵـەکانی. هەروەها کەسێکی تووشی بوو خوێن بەنـەخۆشێک ببەخشێت، دیسـان ئـەم نـەخۆشـییە دەگواستریتەوە، بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نابنە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە .

## چارەسەری :

دەرمـانێکی بـەکاریگـەر بـۆ نەخۆشی ئایدز نییە، هەروەها کوتـانی پاراسـتنیش نییـە. بـەڵام دەرمـان هـەیـە سـنورێک بـۆ بڵاوبوونـەوەی ئەم ڤایرۆسەوە تێکـدانی دەزگـا بـەرگرییـەکـان دادەنێت، بـەکارهێنـانی دەرمـان لای هـەندێک لەنەخۆشەکانەوە، ڕێژەی ڤایرۆسەکەی لە لەشیاندا کەمکردۆتەوە تارادەیەک، کە ئیتر لەتاقیگەکاندا دەرناکەوێت .

## خۆپاراستن :

هۆشـیاری لـەبـەرامبـەر ئـەو نـەخۆشـییە یـەکێکـە لـەخاڵـە سەرەکییەکانی خۆپاراستنی لەو نـەخۆشـییە، بـەڵام هـەنـدێک لەدەوڵـەتان زیاتر ئەو لەوەیەت دەدەن لـەڕێگـەی تاقیکردنـەوەی خـوێن بـۆ دەرخسـتنی نـەخۆشـییەکـە. نـەتـەوە یەکگرتـووەکـان پێیـان وایـە کـە وڵاتـە هـەژارەکـان دەتـوانن ئەنجامی باشتر بەدەست بخەن، ئـەگـەر پشـت بەهۆکارەکانی هۆشـیارکرنەوەو زانیـاری و فێرکردن ببەستن .

## قووڵایی قەیرانەکە :

سـەرژمێرییـەکان دەریدەخـەن، کە ژمارەی تووشبوون لەوڵاتە دەوڵەمەندەکاندا کەمبووەتەوە، بـەهـۆی بـەکارهێنـانی دژە دەرمانەکانییەوە، بەڵام لەزۆربەی وڵاتە هەژارەکاندا بووە بەپەتا . نەتەوە یەکگرتووەکان شیمانەی ئـەوە دەکـەن، کـە ٣/٤ نێرینـە لەهەندێ بەشی ئەفریقادا بەهۆی ئـەو نـەخۆشـییەوە دەمـرن. ئێستاش ئایدز لەئەفریقا قاتڵی ژمـارەیـەکـە لـەئـەفریقـاو لـەجیهانیشـدا ژمـارە چـوارە. سـەرژمێرییـەکـەی ڕێکخـراوی نێودەوڵەتی ئاماژە بە ٨،٢ ملیۆن کـەس دەکـات، کـە سـاڵی پـار ٢٠٠٥ بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە مردوون .

## بۆچی ئەفریقا؟

زاناکـان وادەبیـنن کـە بـەرزبوونـەوەی ڕێـژەی توشـبووان بـەو نـەخۆشـییە، مەترسییەکی مەزنە لەسەر ئەو کیشـوەرە و تـادووارادە دەبێتـە جێگـەی گومـان. لـەوڵاتـانی باشووری کیشوەری ئەفریقا ٣/٤ دانیشـوانەکـەی تووشـی ئـەو نـەخۆشییە هـاتوون. بـەپێی ئـەو سـەرژمێرییـەی کـە ڕێکخـراوی تەندروستی جیهانی ئەنجامیداوە، ئـەوا پـەتای ئایـدز ساڵانە زیاتر لـەدووملیۆن کـەس لـە ئـەفریقا دەکوژێـت. بـەپێـی نـەتـەوە یـەکگرتـووەکـان ژمـارەی ئـەو ئـەفریقیانـەی کـە بـەهـۆی ئـەم نـەخۆشـییەوە گیانیـان لـەدەستداوە، لـەڕۆژی یـەکـەمی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەوە تـاوەکو ئـەمڕۆ بـە یـازدە ملیۆن کەس شیمانە دەکات .

لـەڕاستیدا ئـەم نـەخۆشییە لـەم کیشـوەرەدا ئیدی دەبێتـە پـەتـا، لـەگـەڵ ئـەوەشـدا وەڵامدانـەوەی حکومەتەکان زۆر لـەسـەرخۆیە . زۆر هـۆکارهـەن کـە ئـەم کێشـە بـەقـووڵتر دەکـەنـەوە لـەوانـە؛ هـەژاری، نـەخوێندەواری، نزمـی ئاسـتی هۆشـیاری، لاوازی سیستەمی تەندروستی و نزمی ئاستی کۆمـەڵایـەتی ژیان. ئەو کیشـوەرە پێویسـتی بەهاوکاری هـەیـە، تاوەکو داودەرمانی ئـەو نـەخۆشـییە کوشـندەیـە بکـات، پێویسـتی بـەوە هـەیـە ئـەو دەرمانانـە بـەنرخێکی گونجاو بەخەڵکەکەی بفرۆشرێت، تاوەکو کـەسانیتووشـی بـوو بتـوانن دەرمانەکانیان بکڕن .